لە پەراوێزی کولتوورەوە

## لە یادی (107) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

# وەستان و بەخۆداچوونەوە

سەرنووسەر

* لە دەمێکەوە وتراوە گۆڤار و ڕۆژنامە زمانحاڵی سەردەم و نەتەوەیە، بگرە ئاوێنەی بێگەردی هەست و نەست و خەون و خۆزگە و دنیابینی ڕۆڵەکانیەتی. بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەگەریی هاوتەریبی سەربەستی قەڵەم و چاونەترسی ڕۆژنامەنووس بێت، ئەوە بە کۆشش و تەقالای بەردەوامی کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی ژیان، هەر بۆیەشە ڕۆژنامەیان بەدەسەڵاتی چوارەم ژماردووە، یا هەندێ بە (دەسەڵاتی ڕای گشتی)یان داناوە، کە ئەمە بۆ خۆی باشترین بەڵگەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەیە لەژیانی مرۆڤدا.

* ڕۆژنامەگەری وەک هۆیەکی ڕاگەیاندنی شارستانیی کاریگەر، ئەگەر سانسۆری لەسەر نەبوو، دەبێتە هۆیەکی فەرامۆش نەکراوی هوشیار کردنەوە و ڕاپەڕین و داچڵەکاندنی کۆمەڵ و دەتوانێ بۆ مەبەستی پەروەردە کردنی گیانی لێپرسینەوە و پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی تێبکۆشێ.

ڕۆژنامە هەر لەیەکەم ڕۆژی پەیدابوونییەوە خزمەتێکی ڕاستەقینەی نواندووە بۆ ڕێنموونی و ئاراستەکردن و بەرینکردنی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیاندنی هوشیاری و ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵک، بگرە ئەو ڕۆژنامانەی زمانی ڕاستگۆیانەی گەل و نەتەوە بوون، لەکاروانی ئازادی و سەرفرازیدا ڕێبازی ڕاستوڕەوانی هێمنیان گرتووەتە بەر، بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بێ پەرژین، چونکە هەمیشە دەنگی دلێری بانگی شۆڕشگێڕانە بوون دژی بەلاوەنان و پێشێل کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە.

* مێژووی دەرکەوتن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەشێکی زیندووە لە مێژووی سەراپای ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا، سەرهەڵدانەکەی بۆ ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیی دەگەڕێتەوە. ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەند بێت بە پێشکەوتنی بارودۆخی سیاسیی کورد، کەوایە سەیر نییە بەردەوام دەنگدانەوەی ڕاز و سکاڵای ئەو خەڵکە بووبێ و مێژوویەکی پڕ لە شکۆمەندیی بۆ خۆی نووسیبێتەوە، سەرەڕای هەموو جۆرە چاو سوورکردنەوە و گەف و هەڕەشەیەکی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، کەچی هەردەم نوێنەری دەنگی ئەو کەسانە بووە کە دڵسۆزانە درێژەیان بە خەبات داوە و لە هەوڵ و تەقالای خۆیان نەکەوتوون بۆ بە جێگەیاندنی پەیامی وشەی گەوارای کوردی.

* ئەو پێشمەرگانەی ڕۆژنامەیان کردووە بەنوێنەری دەنگی نەتەوە و شۆڕشگێڕان، دیارە هەبوون دژی خەباتەکەیان وەستابن بۆ مەبەستی دەم کوت کردن و ساردکردنەوەیان تا لە گەیاندنی ئەو پەیامە ڕێیان پێ لابدەن، بۆیە دەبێ هەمیشە یادی ئەو ڕۆژنامەنووسە پێشەنگانەمان لەبیر نەکەین کە تەمەنێکی دوور و درێژی پڕ لە تێکۆشان و شەونخوونییان لەگەڵ وشەی پڕشنگداری کوردی بردووەتە سەر، جگە لە یادکردنەوەی بەردەوامیان دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە نەمرانە کە وەک مۆم بۆ گەشانەوەی وشەی کوردی توانەوە پەیکەریان بۆ دابتاشرێ و لەبەرچاوی نەوەکانمان نەمریان بکەین، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی سەرشانمانە.

* هەر لەم بۆنەیەدا پێم باشە چەند پێشنیار و بۆچوونێک بۆ بەبیرهێنانەوەش بێ بخەمە بەردەستی لایەنە بەرپرسەکان تا هەوڵی بۆ بدەن و لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەن، کە بێگومان بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکانە خزمەتی زیاتر بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەیەنن و بۆ بەرەوپێش بردنی تەکانێکی دیکە دەبێ لەوانەش:

(١) دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەوڵ بدەن سەرجەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی خۆمان کە دەگمەن و دانسقەن لە چاپ بدەنەوە و تەنانەت ببێتە یەکە ئەرک و کاری لە پێشینەیان، تا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لە فەوتان ڕزگار بکرێن وبخرێنە بەردەستی نەوەی ئەمڕۆکەمان و لێتوێژەرەوە و باسکارانمان سوودیان لێوەربگرن، چونکە ئاوێنەیەکی باڵانماو سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری ژیانی ئەو ڕۆژگارەی ئێمەن.

(٢) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێنان و کڕینی چاپخانەی گەورە و مۆدێرن، دەتوانێ خزمەتێکی بەرچاوی بزاڤی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی بکات و لە ڕووی زۆر کردن و جۆری تەکنیکەوە قەڵەمبازێکی دیکە بە ڕۆژنامەگەری کوردی بدات، هەروەها هانی سەرمایەگوزارەکانی کورد بدرێ و کارئاسانییان بۆ بکرێ تا لەم بوارەدا جێ دەستیان دیاربێ و ئەوانیش لەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا دوانەکەون.

(٣) هیچ ڕۆژنامەگەرییەک لە دنیادا نییە پێشکەوتبێ و کاریگەریی هەبووبێ بەبێ فەراهەم کردنی کەشی لەباری (ئازادی) بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵام دەبێ (ئازادی) لەناو چوارچێوەی یاسادا ڕێک بخرێ، تا کەسانی نامەسئوول بەخراپی بەکاری نەهێنن و (جنێوفرۆشی) و (تۆمەتبارکردنی) بێ بنەما و واهیمە تێکەڵ بە ئازادی نەکرێ و ئازادی تاکەکەس لەو شوێنەدا بوەستێ کە ئازادیی کەسانی دی دەست پێدەکات.

(٤) ئەرکی سەرشانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، کە ئەندامانی خۆی لە (جنێوفرۆشان) و بوختانچییان بپارێزێ و ئەو جۆرە کەسە لامێژ و مشەخۆرانەی سەر سفرەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بداتە دەست یاسا و تەنانەت ئەوانەش کە لە دەرەوەی وڵات سوودیان لە لیبرالییەت و ئازادی ئەوێ وەرگرتووە بە شێوەیەکی یاسایی ڕاوەدوو بنرێن.

(٥) هەروەها ئەرکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە کە ڕیزەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کەسانێ پاک بکاتەوە کە بەدار شەقەقە هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەگەری و داوونەریتی ڕۆژنامەگەرییان تێکداوە و ئاوو هەواکەیان ناساز کردووە، کە ئەوانەش فڕیان بەسەر پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە نییە و لە جیاتی لە ڕێگای ڕەواوە و لە دەرگاوە بێنە ناوییەوە، لە پەنجەرەو بنمیچەوە خۆیان کوتاوەتە ناوییەوە، بەداخەوەش ئەوانە بوونەتە هۆی لەکەدار کردنی ناووناوبانگی پیشەی ڕۆژنامەگەری و بۆ هەر مەبەستێ بێ بەکاری دەهێنن. یان هەیانە لە پیشەی موزمینی ڕاپۆرت نووسینەوە پەڕیونەتەوە ناو ڕۆژنامەگەری کوردی،دیسان دەبێ دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە هەوڵ بدرێ ڕیزەکانی سەندیکا لەو جۆرە کەسانە پاک بکرێتەوە.

(٦) تا بە ئەمڕۆکەش دەگات (ڕۆژنامەنووس!) هەیە لەنێوان تەپ و تۆز بەرپاکردن و نوقرچک و ئیستیفزاز کردن و هەست بریندارکردن لەلایەک و (هونەری وروووژاندن)ی ڕۆژنامەوانی لەلایەکی دیکەوە کە کارێکی پێویستە لە ڕۆژنامەگەریدا جیاوازی ناکەن، بۆیەشە کە لە هونەری (زەق کردنەوە) و (خستنە ژێر میکرۆسکۆپی) گەورەکردنی ڕۆژنامەگەری و هونەری (ورووژاندن) نەزانراو بە پێخاوسی کەوتینە ئیستیفزاز کردن و یەکتر بریندارکردن و تانەوتەشەر و (قیل و قال)ەوە، ئەوکاتە دیالۆگ دروست نابێ، ئەوەندەی گێرەشێوێنی و وەڵام و وەڵامدانەوەی بێ ئامانج و بێ سەمەر جێگەی دیالۆگ دەگرێتەوە.

(٧) بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی بەهرە و توانای ڕۆژنامەنووسە دڵسۆز و چالاکەکان، پێویستە سستمی خوێندنی (کۆرس) و پەیمانگای ڕۆژنامەگەری بیری لێبکرێتەوە، هەروەها ناوبەناو چەند ڕۆژنامەنووسێک بە مەبەستی زیاتر شارەزایی پەیداکردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن تا لەلایەک لەگەڵ زمانێکی زیندوو ئاشنایەتی پەیدابکەن، لەلایەکی تریشەوە بەچاوی خۆیان داوونەریتی پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی پێشکەوتوو ببینن و لێیانەوە فێربن.

(٨) بە بەردەوامی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون بۆ هەرێمی کوردستان داوەت بکرێن کە دۆستی کورد بن و لەنزیکەوە ڕۆژنامەنووسان لەگەڵیاندا بیروڕایان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەوانیش بەکۆڕگرتن و سیمینارەکانیان سوود بە ڕۆژنامەنووسانی لای ئێمە بگەیەنن.

(٩) لەپاڵ ئەوەشدا ناکرێ ڕۆڵی خوولە تایبەتەکانی ڕۆژنامەگەری لەبیر بکەین کە بۆ ڕۆژنامەنووسانی لاو زۆر سوودی هەیە تا لایەنی تیوریکی خۆیان دەوڵەمەند بکەن و لەپاڵ لایەنە عەمەلییەکان خزمەتیان بکات، بەڵام دەبێ ئەو خوولانەش خولی نەوعی بن نەک تەقلیدی و سارد و سڕ.

(١٠) هەوڵ بدرێ بەهەر نرخێک بێت هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمان (هی ئێرە و هەندەران) لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوە، تا کاریان لەسەر بکرێ و بخرێنە بەردەستی خوێنەرانەوە.

(١١) لە دواجاردا پێ لەسەر کارابوونی دەوری سەندیکای ڕۆژنامەنوسان دادەگرین کە بۆ خوڵقاندنی داوونەریتی ڕۆژنامەگەری هەوڵی زیاتر بدات و لەپاڵ دابین کردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ ڕۆژنامەنووسان و پاراستنی کەرامەتیان، کەشوهەوای (ئازادیی بیروڕا)ی زیاتریشیان بۆ دەستەبەربکات، بێگومان ناشتوانێ داوونەریتێکی تەندروست فەراهەم بکات ئەگەر نەتوانێ لەپێشەوە عەریزەنووس و (گیاکەڵە)کان لەناو باخچەی ڕازاوەی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕیشەکێش نەکات!